# ڕەوشی پێشێلکارییەکانی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەنێوان

# 2008/1/1 – 2015/12/31



**حەمید ئەبوبەکر بەدرخان***

ئەگەر گوزەرێك بە نێو ئەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر مافی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کەتێکرایان ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بن یان نا, لیژنەی داکۆکی لەئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی کاری هەنووکەیی ئەو لیژنەیەیە کە سەرسەختانە داکۆکی لە ماف و ئازادی بۆ ڕۆژنامەنووسان کوردستان فەراهەمیان بکات. لەو نووسینەدا تیشك دەخەینە سەر 16 ڕاپۆرتی لێژنەی داکۆکی کە لە 2008/1/1 کە ڕاپۆرتی یەکەم بلأوبۆتەوە تا دوا ڕاپۆرتی 16دە هەمە لە 2015/12/31 کۆتایی پێدێت. هەروەکو لە خشتەی 1 و 2 و 3ی پێشێلکارییەکان. (تیرۆر, هەولّی تیرۆر, بریندابوون, ڕفاندن و هەولّی ڕفاندن, لێدان, دەستدرێژی, هەڕەشە, گرتن, بێسەروشوێنکردن, سووتاندن, یاداشت

بۆ حکومەت, داخستنی دۆسییە, رێگە نەدان, راگرتن, دەستگیرکردن, زیندان, سوکایەتی, داخستنی نوسینگە و جۆرەکانی پێشێلکاری) کە لە هەر 15 راپۆرتی پێشێلکاری دەرهەق بە رۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە, هاوپێچ لەگەڵ ئەم راپۆرتە بلأوکراوەتەوە, چونکە هەروەکو لە ئامانجی بلأوکردنەوەی ئەو راپۆرتانە بە پێی برگەی 5 لە مادەی 19 هەمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە, نابێت هیچ دادگا و دەزگایەکی پۆلیس بەبێ ئاگاداری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هیچ جۆرەبانگهێشت و راکێشییەکی رۆژنامەنووسان بکەن بۆ لێپێچینەوە, بەلأم بەداخەوە زۆرجار هەندێك لە بنکەی و هێزەکانی ناوخۆ و زێرەڤانی, پێشمەرگە , بازگەکانی ئاسایش یان داخستنی نووسینگەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و رادەستکردنیان بە ئەو دیو بازگەکانەوە (دێگەڵە) هەروەکو لە 2015/10/10 بەرامبەر نوسینگەی هەردوو کەناڵی (nrt - knn) لەهەولێر و دهۆك ئەنجام دران, کە ئەمەیان دوور لە ئیتیکی کاری رۆژنامەووسی و یاسای ژمارە 35ی کاری رۆژنامەگەرییە لە ساڵی 2007 لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە, مەترسی ئەو ئازادی و ئازادی رادەربرین و بێ سانسۆری لەسەر بلأوکراوەکان و کەناڵەکانی راگەیاندن دەخرێتە ژێر پرسیارەوە لەنێو رای گشتی جیهانییەوە, کاتێ بەبەرچاوی قونسوڵخانەکانی دنیا و رایگشتی لە 2015/10/10 لە پایتەختی هەرێمی کوردستا(هەولێر) هەردوو نووسینگەی کەناڵی (NRT) و (KNN) لە هەولێر و دهۆك دادەخرێت، کارمەندەکانیان رەوانەی بازگەی دێگەڵە دەکرێـنەوە، بۆیە رایگشتی و هەموو ئەو دەزگایانەی کە داکۆکیکاری سەرسەختی کاری میدیایین لە دونیادابە لیژنەی داکۆکی لە ماف و ئازادی رۆژنامەگەری لە رۆژنامەنووسان لە کوردستانیشەوە،

که سەر بە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە بێدەنگ نەبووە و بێ دەنگیش نابێ، لەبەرامبەر ئەو پێشێلکردنەی کە نە یاسای ژمارە 35ی رۆژنامەگەری ساڵی 2007 پەرلەمانی کوردستان رێگە دەدات نە سەندیکای رۆژنامەنووسانیش ئاگادارن بە داخستنی ئەم کەناڵانە,ئێمە لەو رەوشە دۆش داماوین نازانین بەچ یاسایەك لە هەرێمی کوردستان کار دەکەین کاتێك سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رێگای هاتنە هەولێری لێقەدەغەبکرێت و راوێژکاری رۆژنامەوانی کەناڵی کوردسات نیوز بۆ ئەودیو بازگەی پردێ کەرکوك رەوانە بکرێنەوە, بۆیە لە کاناڵە جیاجیا کانی هەرێمی کوردستان بە توندی ئیدانە و سەرکۆنەکرا، تا کار گەیشتە ئەوەی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان داوا لە داواکاری گشتی بکات سکاڵا دژی ئەم کارە تۆمار بکرێت و دوا بەدوای ئەوەش فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان (IFJ) پشتیوانی لە کارو و کردەوەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسان بکات و لەبەیاننامەکەیاندا بڵێت: داخستنی دوو کەناڵی تەلەفزیۆنی nrt و knn دژی یاسای ژمارە 35ی کارپێکراوی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و هەروەها دەڵێت ئەم کارە پێشێلکردنی ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی گشتی لە هەمانکاتیشدا داوای لە داواکاری گشتی کردووە, یاساکەی رۆژنامەوانی بسەپێنێت و فەرمانبکات بە سەر لەنوێ کردنەوەی کەناڵە میدیاییە داخراوەکان). بۆیە لە ژێر رۆشنایی بەیاننامەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەیاننامە دەربکات و لە سەرانسەری جیهان بڵاوبکاتەوە.

1- **عبدالستار تاهر شریف – کرکوك** – 2008/3/5

2- **بێگەرد قەلاتی – رانییە** – 2008/4/18

3- **سروە عبدالوهاب – موسل** – 2008/5/4

4- **سەردەشت عوسمان – موسل** – 2010/5/4

5- **سۆران مامە حەمە – كركوك** – 2008/7/21

6- **سلام عرب دوسكی – موسل** – 2009/2/5

7- **كاوە محمد احمد گەرمیانی** 2013/12/15

8- **دەنیز فورات- مەخمور – موسل** 2014/8/8

بۆیە بەتیرۆركردنی 8 رۆژنامەنووس كە ئەندامی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستانن و پرسیار ئەوەیە بۆچی؟ تاكو ئێستا بكوژەكانیان دەستگیر نەكراون و دەستگیرناكرێن ئاخۆ هۆكارەكەی دەبێت چی بێت. ئەگەر بەوردی چاوێك بەریز بەندی وڵاتان بخشێنین دەبینین لە راپۆرتی كۆمیتەی بەرگری لە رۆژنامەنووسان بڵاوی كردۆتەوە كەوا 20 وڵات بە خوێناویترین ولاتانی دنیا بۆ رۆژنامەنووسان دیاری كراوە كە عێراق و هەرێمی كوردستان یەكێكن لەو وڵاتانەی بەكوژرانی 168 رۆژنامەنووس ناویان هاتووە كە بە پلەی یەكەم دێت و سوریا 85 و فلیپین 77 كە پلەی 2 و 3 دێت. هەروەها ساڵی(2015) 23 رۆژنامەنووس كوژراون كە زۆرینەیان فەرەنسی بوون كە بە ئەو هێرشەی كراوەتە سەر گۆڤاری كاریكاریستی فەرەنسی(شارل ئیبدۆ) كە بووە هۆی كوژرانی 8 رۆژنامەنووس.

دیاردەی رێگەنەدان و داخستنی كەناڵ و سوتانی بارەگا و زیندانی كردنی رۆژنامەنووسان لە هەرێمی كوردستان بۆتە دیاردەو بە تایبەتی زۆرترین پێشێلكاری بەرامبەر رۆژنامەنووس ئەنجامدراوە بەتایبەتی لە كاتی رۆماڵكردنی ئۆپەراسیۆنی ئازاد كردنی شەنگال جگە لە راگەیاندنی پارتی دیموكراتی كوردستان هیچ كەناڵێكی دیكە ئامادەگیانی نەبووە لەهەر (15) راپۆرتی 6 مانگی لیژنەی داكۆكی و سەنتەری میترۆ تەنیا لێدان و رێگەنەدان بونیان هەیەو یەك سەرپێچیكار نەدراوە بەدادگا...

هۆكارەكانیشی بریتین لە:

1- تۆمار نەکردنی سکاڵا لەلایەن ئەو رۆژنامەنووسانەی کە پێشێلکاریان بەرامبەر ئەنجامدراوە ئەنجامدەدرێت.

2- دادگاکانی هەرێم پەرۆشی ئەوەنین بۆ بەدواداچوونی کەیسەکان بۆیە لە یاسای ژمارە(35)ی هاتووە نەقیبی رۆژنامەنووسان، یاخود پارێزەری سەندیکا دەتوانێ لەکاتی دادگای کردنی هەر رۆژنامەنوسێك ئامادەبێ.

3- بەدواداچوونی لایەنی پەیوەندیدار سەبارەت بەم کەیسانە لاواز و کەمتر خەمە.

کردنەوەی نووسینگەی کەناڵی (NRT) لە هەولێر 2015/12/10 خاڵی وەرچەرخانبێت بۆ رێزگرتن لە مافی رۆژنامەنووسان و فراونترکردنی فەزای ئازادی لە ئێستا و دوا رۆژدا لەم هەرێمە تازە پێگەیشتووەدا هەروەکو پێشتر ساڵانە ئومێدی نەمانی پێشێلکاری بەرامبەر بە رۆژنامەنووسانی کوردستان خواستووە، هیوادارین ساڵی 2016 ساڵی داخستنی هەموو جۆرە پێشێلکاریەك بێ بەرامبەر بەرۆژنامەنووسان.

***سکرتێری لیژنەی داکۆکی لەئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان**

# خشتەی ژمارە 1 لە 2008/1/1 – 2012/6/30

| ژ. راپۆرت | گرتن | پێشێلکاری جۆراوجۆر | بێسەروشوێنکردن | داوای یاسایی | سوتاندن | غەرامە | یاداشت بۆ حکومەت | داخستنی دۆسیە | بەرواری راپۆرت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 11 | 15 | محمد حسن احمد (سیاسی) 2007/2/3 | 32 | - | - | 10 | - | 2008/1/1 – 2008/6/30 |
| 2 | 8 | - | - | 20 | - | 1 | 15 | - | 2008/7/1 – 2008/12/31 |
| 3 | 10 | 19 | - | 30 | - | 2 | 9 | - | 2009/1/1 – 2009/6/30 |
| 4 | 3 | 21 | - | 35 | - | 4 | 5 | 1 | 2009/7/1 – 2009/12/31 |
| 5 | 3 | 35 | - | 56 | - | 5 | 35 | 2 | 2010/1/1 – 2010/6/30 |
| 6 | 3 | 7 | - | 61 | - | 3 | 79 | - | 2010/7/1 – 2010/12/31 |
| 7 | 13 | 29 | - | - | 2 | 4 | 20 | 1 | 2011/1/1 – 2011/6/30 |
| 8 | 4 | 20 | - | 37 | 3 | 2 | 50 | 2 | 2011/7/1 – 2011/12/31 |
| 9 | - | 11 | مەولود ئافەند 2012/6/8 | - | - | 2 | 77 | - | 2012/1/1 – 2012/6/30 |
| ک. گشتی | 55 | 157 | 2 | 271 | 5 | 23 | 300 | 6 | |
| | | | | | | | | | 4 دۆسییەی تایبەت |

# خشتەی ژمارە 2 لە 2008/1/1 – 2012/6/30

| ژ. راپۆرت | تیرۆر | برینداربوون | رفاندن و هەوڵی رفاندن | لێدان | دەستدرێژی | هەوڵی تیرۆر | هەڕەشە | ناو و شوێنی کاتی رووداو | بەرواری راپۆرت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 3 | - | - | - | - | - | 7 | 1- عبدالستار تاهر شریف – کرکوك – 2008/3/5<br>2- بێگەرد قەلاتی – رانییە – 2008/4/18<br>3- سروە عبدالوهاب – موسل – 2008/5/4 | 2008/1/1 – 2008/6/30 |
| 2 | 1 | 2 | 1 | 4 | 7 | 1 | 8 | سۆران مامە حەمە – کرکوك – 2008/7/21 | 2008/7/1 – 2008/12/31 |
| 3 | 1 | - | - | - | - | - | - | سلام عرب دوسکی – موسل – 2009/2/5 | 2009/1/1 – 2009/6/30 |
| 4 | - | - | - | 2 | - | - | 4 | - | 2009/7/1 – 2009/12/31 |
| 5 | 1 | - | 1 | 18 | 35 | 1 | 4 | سەردەشت عوسمان – موسل – 2010/5/4 | 2010/1/1 – 2010/6/30 |
| 6 | - | - | - | - | - | - | 13 | - | 2010/7/1 – 2010/12/31 |
| 7 | - | - | 1 | 16 | - | - | 17 | - | 2011/1/1 – 2011/6/30 |
| 8 | - | - | - | 9 | - | - | 1 | - | 2011/7/1 – 2011/12/31 |
| 9 | - | - | - | 5 | - | - | 4 | - | 2012/1/1 – 2012/6/30 |
| ک. گشتی | 6 | 2 | 3 | 55 | 42 | 2 | 58 | - | 2008/1/1 – 2008/6/30 |
| | | | | | | | | | |

# خشتەی ژمارە 3 لە 2012/7/1 – 2015/6/30

| ژ. راپۆرت | لێدان | ڕاگرتن (توقیف) | ڕێگەنەدان | کوشتن | هەڕەشە | دەستگیرکردن | زیندان | هەوڵی تیرۆر | سوکایەتی | بەرواری راپۆرت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 10 | 3 | 2 | 6 | - | 8 | 2 | 1 | - | - | 2012/12/31 – 2012/7/1 |
| 11 | 6 | | 8 | | 3 | 3 | | | | 2013/6/30 – 2013/1/1 |
| 12 | 8 | 1 | 5 | **کاوە محمد احمد گەرمیانی** 2013/12/15 | 9 | | | 1 | 2 | 2013/12/31 – 2013/7/1 |
| 13 | 7 | 1 | 3 | | 5 | | | 2 | | 2014/6/30 – 2014/1/1 |
| 14 | 4 | 2 | 2 | **دەنیز فورات** 2014/8/8 | 2 | 2 | | | 1 | 2014/12/31 – 2014/7/1 |
| 15 | 2 | 5 | | | 2 | 3 | | | | 2015/6/30 – 2015/1/1 |
| ک. گشتی | 31 | 11 | 24 | 2 | 29 | 10 | 1 | 3 | 3 | |
| | | | | | | | | | | داخستنی نووسینگەیەک |